Kurdocide Watch

CHAK

Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

**Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan**

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# چاودێری کوردۆساید له‌ ڕۆژی جیهانی بێسه‌روشوێنكراواندا (( 8-30 )) هاوپه‌یمانی جیهانی له‌ پرسی بێسه‌روشوێنكراوانی كوردستان ئاگادار ده‌كاته‌وه‌

به‌ بۆنه‌ی 8-30 ڕۆژی جیهانی بێسه‌روشوێنكراوانی جیهانه‌وه‌ , كه‌ له‌ به‌رواری 6-2-2007وه‌ك ڕۆژی بێسه‌رو شوێنكراوانی جیهانی له‌ لایه‌ن نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتوه‌كانه‌وه‌ دیاری كراوه‌ و له‌ سه‌ره‌تادا 57 ده‌وڵه‌ت واژۆیان خسته‌ سه‌ر ڕێككه‌وتنامه‌كه‌ , چاودێری كوردۆساید لیستی به‌شێك له‌ بێسه‌رو شوێنكراوانی كوردستان به‌ زمانی ئینگلیزی ده‌داته‌ هاوپه‌یمانی نێو نه‌ته‌وه‌یی بۆ نه‌هێشتنی بێسه‌روشوێنكردن , بۆ ئه‌وه‌ی له‌ داهاتوودا وه‌ك كه‌یسێك له‌ لایه‌ن هاوپه‌یمانییه‌تییه‌وه‌ كاری له‌ سه‌ر بكرێت .
هاوپه‌یمانی ناوبراو له‌ 40 ڕێكخراوی نێو نه‌ته‌وه‌یی ناسراو پێك هاتووه‌ .
چاودێری كوردۆساید یه‌كه‌م ڕێكخراوی كوردییه‌ له‌ كوردستان ڕاسته‌وخۆ كار له‌ سه‌ر ئه‌م پرسه‌ هه‌ستیاره‌ ده‌كات .


**چاودێری كوردۆساید**

**Kurdocide Watch**

www.kurdocide.com

www.kurdocidewatch.net

kurdocide@hotmail.com


چاودێری كوردۆساید ناسراو به‌ چاك له‌ 6 - 1- 2002 وه‌كو كه‌مپینی هه‌ڵه‌بجه‌ و ئه‌نفال له‌ دایكبوو, پاشان له‌ 2002 دا ناوه‌كه‌ گۆرا بۆ ناوه‌ندی هه‌ڵه‌بجه‌ دژ به‌ ئه‌نفالكردن و جینۆسایدی گه‌لی كورد - چاك , له‌ 24 - 1- 2009 دا ئه‌م ناوه‌ی ئێستای وه‌رگرت.

**چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات. ،لە 6-1-2002 دامەزراوە ، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەموو پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی هەیە ، ،پێشتر لە ژێر ناوی(<u>ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالــکردنو جینۆسایدی گەلی کـورد- چاک</u> )کاری دەکرد، لە بەرواری 24-1-2009 ئەم ناوەی وەرگرت ,تا ئێستا سێ کۆنگرەی بەستووە,ساڵانە سەدان چالاکی ئەنجامە دات .**

**چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**